له پەلەپەلیدا و لەجێژوان
ماچێك لەلێوی عاشقێ
کەوتە خوارەوە سەر زەوی
دواتر دەوەنێ هەڵیگرتەوەو
کردیە پەپولە پاییزە!

❖

کە باڵندە هەڵئەفڕێ
خەیاڵێك لە ئەرزەوە ئەبا بۆ ئاسمان
کە وەختێکیش دێتەوەو ئەنیشێتەوە
شیعرێك لەگەڵ خۆیدا ئەهێنێتەوە!

❖

ئەو کاتەی گوڵەکان ئەبنە بێوەژن
(با)یەکان چاویان زیاتر لەسەریانە
کە دەرفەتیشیان بۆ هەڵکەوت
ئەیانڕفێنن!

❖

ئێمە قەت تاقەتمان
لەگوڵە نێرگز ناچێت و زۆر کۆنیشە.

ئێمە هەرگیز لە پەلکە گیا بێزار نابین و

زۆر کۆنیشە

ئێمە هەموو ساڵێ بۆ هاتنەوەو

خۆ دووبارەکردنەوەی بەفروباران

چاو لە ئاسمانین

هەر بەو جۆرەیش هەندێ شیعر!

❖

ڕۆژێ چڵێ پەنجەی گرتم

کە بەریدا، خونچەیەکی لەسەر ڕوا.

ڕۆژێ هەتاو باوەشێکی پێداکردم

کە بەریدام سنگم بووبوو بە ئاوێنە

بەڵام ئەو ڕۆژەی ئەو کچە ماچیکردم

لەو ساتەوە

من بووم، بە دارمێوی شیعرو

گەڵاگەڵاو دەنك دەنك

هەر ماچ ئەگرم!.

❖

خەم مەخۆ.. پەپوولە

تەمەنت هێند کورتە.. خەم مەخۆ!

لەو ماوەی ترووکەی چاوەدا

**ئەوەندەی تۆ عومری درێژت**

**بەخشیوە بەشیعر**

**عومری نوح نەیداوە..**

**خەم مەخۆ.. پەپوولە!**

❖

**"هەرد"یٚ هەتا تەمەنێکی درێژ**

**هەر دەدوانزە کانیی نووسیی!**

**"بەڵام کانیی، کانیی"**

**هەر دەدوانزە جار جریوەی**

**دا لە قژی**

**"بەڵام جریوە، جریوە!"**

**هەر دە دوانزەجار گۆرانیی**

**کرد بەتەیری خۆشەویستیی**

**"بەڵام گۆرانیی، گۆرانیی!"**

**هەردیٚ**

**ئێجگار کەمی وت و**

**زۆرەکەیدا بە بێدەنگیی**

**وەکوو "هەردی!"**

❖

**ئەو شەوەی خەو**

**بە "نالی"یەوە ببینم**

**بۆ بەیانیی کە هەڵئەسم**

**قەسیدەیەکی دڵتەنگم**

**دیار نەماوەو**

**سلەیمانی جێهێشتوەو**

**کۆچ بردوێتی بۆ غەریبیی!.**

❖

**کە دار کونکەرە عاشق بوو**

**ئیتر نەهێنی نامێنێ**

**چونکە هەرچییەکی لابێ**

**لەدوای دوو ڕۆژ**

**هەمووی لەسەر قەدو لقی**

**نزارەکان هەڵئەکەنێ و**

**ئەوسا دنیا پێی ئەزانێ!**

❖

**خولیای یاخیبووم کەمترن**

**لەداسەکناو!**

**داسەکناوەکان هەمیشە نەرم و بێوەی**

**دێن و دەچن و لەگەڵ شنەو**

**کلۆ بەفر و تریفەدا زۆر هاوڕێن!**

**جوانن وەلێ هیچ ناگۆڕن!**

**بەڵام هەرچی یاخییەکانە**

جاری واهەیە زمان و ڕێزمان و
ناو خەیاڵ و ناو بینینم ئەشڵەژێنن و
هەمووی ئەدەن بە سەریەکدا
هەر بۆ ئەوەی دەستەواژەی
چەخماخەیەکی نەبینراو
بدۆزنەوە لەناو ناخما!

❖

ئەو دارە لەبەر گەڵا
نایپەرژێتە سەر باڵندە.
باڵندە لەبەر هەڵفڕین
نایپەرژێتە سەر هێلانە
هێلانە لەبەر جووجەڵە
نایپەرژێتە سەر پڕپۆڵە
منیش لەبەر هەر هەموویان
نەپەرژام ئەم کورتە شیعرە
تەواو بکەم...

❖

کە ڕەوە ئەسپ حیلاندیان
شاخەکان وتیان:
ئێوە هەر بۆ وتنی مارشی نیشتمانیی باشن!
کە مامزێك باڕژنی کرد

مێرگێك پێی وت:
بەڕاستی تۆ هەر بۆ وتنی
گۆرانیی عاتیفی باشی!
كە بولبولێك خوێندی
گوڵێك پێی وت:
لەبەستە بەولاوە هیچی تر مەڵێ!
كە چۆلەكەكان كەوتنە جریوە جریو
درەختەكان وتیان:
ئێوە هەر بۆ ئەوە باشن
ببنە كۆرسی تاق تاقكەرەكان.
كە كەوەكانیش خوێندیان
كەژەكان وتیان:
ئێوە هەر بۆ حەیران وتن دروستبوون!
ئەو وەختەی كە منیش گۆرانیم وت:
ژوورەكەم پێی وتم:
بەڕاستی تۆ هەر بۆ ئەوە باشی
كەڕەواڵەكان گوێت لێبگرن!

❖

(با) بردمی بۆ ئاسمان و
ئاسمان دامیەدەست هەسارەو
هەسارە دامیە دەست "سڕ" و

**سڕیش دامیە دەست نووریێك و**

**نووریش گەیاندمیە لای خودا!**

❖

**"نالی" لەناو قەسیدەدا**

**بۆ جوانی و ڕاستی ئەگەڕا**

**"مەحوی" لەناو سڕی خواداو.**

**بەڵام "حاجی" لەسەر ئەرزو**

**لەناو دڵی ئەم خەڵکەدا**

**بۆی ئەگەڕا!**

❖

**دوو وشەی سیس**

**"گۆران" دەستی بۆ بردن و گەشانەوە.**

**دوو باڵی سست**

**"ئەسغەر" لە دەنگی خۆی بەستنی و**

**ئیتر چوونە ناو قوڵایی ئاسمانەوە!.**

❖

**لە گڤەگڤی هەموو ڕەشەبایەکدا**

**پیاوێك هەیەو لە شنە شنی**

**هەموو سروەیەکدا ژنێك**

**ئەویان دێت بۆ شکاندنی گوڵدانەکان و**

**ئەمیشیان دێت بۆ ئەوەی**

خاویکاتەوەو بە ئەسپایی دەستی بگرێ و
نەهێڵێ بیانشکێنێ!
❖
هەموو شەوێ
"پیرەمێرد" لەژێر سدارە ڕەشەکەیدا
چەند هێلکەی وشەی دائەنا.
خۆی ئەڕۆیشت و
مەراق لەسەریان کڕ ئەکەوت.
بۆ بەیانیی کە سدارەکەی لائەبرد
ڕستێ جووجەڵەی دەنووك زەرد
بەسەر دێڕی ناو دەفتەرو بەدوای یەکدا
بە جووکە جووك
ڕایان ئەکرد!
❖
پرسمکرد بە کانیی
بەرلەوەی جۆگەلە بناسم.
پرسمکرد بەجۆگە
بەرلەوەی کە ڕووبار بناسم.
پرسمکرد بەڕووبار
بەر لەوەی کە زەریا بناسم.
پرسمکرد بە زەریا

بەرلەوەی کەشتیەکەم دروستکەم

پرسمکرد بەکەشتیش

بەرلەوەی دڵم بێ

سەرتخەم!.

❖

دار وتی:

خۆ هەر تۆ نانووسی

سەیرکە ئەو هەموو پەخشانەی

پژوپۆم نووسیونی!

ئاو وتی:

خۆ هەر تۆ مۆسیقا لێنادەی

گوێگرە لەو هەموو ئاوازەی

ڕووبارم دایناون!

کەژ وتی:

خۆ هەر تۆ نەقاش نیت

تەماشای ئەو هەموو وێنانەی

لاپاڵ و دەربەندو نزارم کێشاونی.

ئەو کچەیش پێی وتم:

قژی من پەخشانی جوانترە یان هی دار؟!

لەشی من مۆسیقای خۆشترە یان ڕووبار؟!

ئەو هەموو وێنانەی کە خەندەو

سەرنج و ماچی من
لەسەر ڕووت کێشاونی
جوانترن یان هی کەژ؟!
خۆ هەر تۆ نانووسی!

❖

بەشوێن پێی وشەدا ڕۆیشتم و
گەیشتمە ترۆپکی سەر خەیاڵ.
بەشوێن پێی خەیاڵدا ڕۆیشتم و
گەیشتمە ئاسمانی ناو شیعرو
بەشوێن پێی شیعردا ڕۆیشتم و
گەیشتمە تەلیسمی ناو جوانی و
بەشوێن پێی جوانیدا ڕۆیشتم و
گەیشتمە جوانیت و
لەوێدا ڕاوەستام!

❖

مانگی دەسکرد
مانگی ئەسڵی
مانگەکەی خۆم
یەکەم بەدەوری دووەمدا
خول ئەخوات و
دووەم بەدەوری زەویداو

**سێهەم بەدەوری شیعرداو**
**هەر سێکیشیان لەیەك شەودا**
**لەناو سەری مندا هەڵدێن!**

❖

**ئەو ڕۆژە کەسکت پۆشیبوو**
**هەستمکرد منیش وا ئیتر وردە وردە**
**ئەبم بە مێرگ و سەوزەگیا.**
**ئەو ڕۆژە سوورت پۆشیبوو**
**هەستمکرد منیش وا ئەبم**
**بە دار هەناری سەر ڕێگا.**
**ئەو جارە سپیت پۆشیبوو**
**هەستمکرد منیش وا ئەبم**
**بە نەورەسی شیعر و زەریا**
**دوێنێش کە زەردت پۆشیبوو**
**گوڵە بەڕۆژە بوو بەسەرم و**
**بۆ هەر کوێیەك بچویتایە**
**لە دەوری باڵات ئەگەڕا!**